گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 12, No. 1, pp. 104–119, January -March, 2024
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# قەبارەی کەرتی پیشەسازی لە قەزای بازیاندا و ڕۆڵی لە دابینکردنی هەلی کاردا

گەرمیان حسێن علي ، فواد خالد سعید garmian.ali@gmail.com
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت – زانکۆی سلێمانی

وەرگرتن: ٢٠٢٣/٠٨ پەسەندکرن: ٢٠٢٣/١٠ بەلاڤکرن: ٢٠٢٤/٠٣
https://doi.org/10.26436/hjuoz.2024.12.1.1296

**پوختە :**

قەبارەی پیشەسازی یەکەیەکە بەکار دێت بۆ زانینی ئاستی بەکارهێنانی دەستی کار کە هۆکارە بۆ کاریگەری ئەم کەرتەی ئابوری دەولەت لەسەر ناوچەکە، لەبەر ئەوەی کە قەزای بازیان ناوچەیەکی پیشەسازیە بۆیە دەبێ ئەم کەرتە ڕۆڵی لە دابینکردنی هەلی کار لە قەزاکە هەبێت، دەستی کاری پێوەرێکی گرنگە لە دیاریکردنی قەبارەی پیشەسازی بۆ دیاریکردنی و پۆلێنبەندکردنی بۆ کەرتی پیشەسازی (قەبارە بچوک و مامناوەند و گەورە)، بە جۆرێک دیاریکردنی ئەم کەرتانە لێکۆڵینەوەکان ئاسانتر دەکات بۆ خستنە ڕووی کاریگەرییەکانیان لە دابینکردنی هەلی کاردا. کێشەی توێژینەوەکە لەوەدایە کە توێژەر وەك تاکێکی ئەم ناوچەیە تیبینی کردووە کە بێکاریی هەیە و بەشێوەیەکی هەستپێکراو دەبینرێت ئایا ئەم پیشەسازیانە کاریگەریان لەسەر کەم کردنەوەی بێکاری هەیە، ئامانجیش لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە دابەشکردنی جوگرافیی بۆ جۆری پیشەسازییەکانە بە پێی قەبارە و خستنەڕووی چەندیەتی کرێکاری ناوچەکە لەو قەبارە پیشەسازیانەدا کە هەیە و زاینی چەندیەتی کرێکای ناوچەکە تیایدا، بۆ گەشتنە دەرئەنجامێکی زانستی لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی خوێندنەوەیی (الاستقرائي) بەکارهاتووە بەدوو جۆر بەریگا (وەسفی، شیکایی) دەرئەنجام بۆمان روون بوەوە کە ژمارەی کرێکاران لەسەرجەم پیشەسازیەکانی ناوچەکە لەکۆتایی ٢٠٢٢دا (٦٩٠٩) کرێکارە کە ریژەی ( ١,٧٥٪ ) لە پیشەسازیە بچووکەکانە ، و ریژەی ( ٣,٩٦٪ ) پیشەسازی مام ناوەند و ریژەی( ٩٤,٢٪ ) پیشەسازی گەورەیە، واتە بە پێي ژمارە زۆرترین دەستی کار لە پیشەسازیە گەورەکاندایە. و (١٨٨٣) کەس لە دانیشتوانی قەزاکە لە کارگە پیشەسازیەکانی ناوچەکەدا کاردەکەن کە دەکاتە ڕێژەی (٢٧,٢٣٪) ی کۆی گشتی ئەو کەسانەی لە کارگەکاندا ئیش دەکەن، (٢٦٣٠) کەس لە دەرەوەی قەزاکە و لە سنوری پارێزگای سلێمانی لە کارگە پیشەسازیەکانی ناوچەکەدا کاردەکەن کە دەکاتە ڕێژەی(٣٨٪) کۆی گشتی ئەو کەسانەی لە کارگەکاندا ئیش دەکەن، (٢٣٩٦) کەس لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان لە کارگە پیشەسازیەکانی ناوچەکەدا کاردەکەن کە دەکاتە ڕێژەی (٣٤,٦٧٪) کۆی گشتی ئەو کەسانەی کە لە کارگە پیشەسازیەکانی ناوچەکەدا کاردەکەن.

## ١. پێشەکی

قەبارەی پیشەسازی وابەستەیە بە هۆکارە جوگرافیەکانی هەر ناوچەیەك لە ناوچەکانی سەر گۆی زەوی، چونکە هۆکارە جوگرافییەکان کاریگەرن لەسەر جێگیر بوونی پیشەسازی لە هەر ناوچەیەکدا چ هۆکارە سروشتییەکان یاخود هۆکارە مرۆییەکان ، هەر بۆیە لێکۆلینەوە لەم بوارەی بابەتی جوگرافیای پیشەسازی گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ دەرخستنی چەندیەتی و چۆنیەتی جێگیربوونی پیشەسازی لە هەر ناوچەیەکدا ، ناوچەی لێکۆڵینەوەش یەکێکە لەو ناوچانەی هەرێمی کوردستان کە دوای کرانەوەی هەرێم بەرووی جیهاندا (دەرچوونی بڕیاری(٩٨٦)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٩٧)) و ڕزگاربوون لە داخراویی سەردەمی حکومڕانی بەعسیەکان وردە وردە بوە هۆی جێگیربوونی جۆرەها پیشەسازی بە جیاوازی قەبارەیانەوە، گرنگە بزانین کە ئایا بۆ دەستەبەرکردنی هەلي کاری ناوچەکە کام قەبارەی پیشەسازی کاریگەری زیاتر بووە ؟.

### کێشەی توێژینەوەکە

کێشەی توێژینەوەکە لەوەدایە کە توێژەر وەك تاکێکی ئەم ناوچەیە تیبینی کردووە کە بێکاریی هەیە و بەشێوەیەکی هەستپێکراو دەبینرێت ئایا ئەم پیشەسازیانە کاریگەریان لەسەر کەم کردنەوەی بێکاری هەیە ؟

ئامانجی: نوسینی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانە دا دەخەینەروو:

١- پولێنکردنی پیشەسازییەکان بە پێی قەبارە و دابەشکردنی لە ڕووی جوگرافي.

٢- خستنەڕووی چەندیەتی و چۆینەتی کرێکاری ناوچەکە لەو قەبارە پیشەسازیانەدا کە لەناوچەکە هەیە.

This is an open access under a CC BY-NC-SA 4.0 license (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-sa/4.0/)

٣- بەراوردکردنی چەندیەتی و چۆنیەتی ئەو کرێکارانە لەو جۆرە پیشەسازیانەدا بەپێیی قەبارە لە ناوچەی لێکۆلینەوە .

گریمانەی توێژینەوەکە:

بۆ باشتر بەدواکەوتنی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەران وایان بەباش زانیوە کە ئەم گریمانانە بکەنە هۆکارێك بۆ دەرخستنی واقعی ژمارەی کرێکار لە جۆرەکانی پیشەسازییەکان بە پێیی قەبارەیان ئەویش ئەمانەن:

- ژمارەی کرێکاری ناوچەکە لە جۆرەکانی پیشەسازی بە پێیی قەبارەیان جیاوازە.
- رێژەی کرێکارانی ناوچەکە لە هەموو جۆرەکانی پیشەسازی بە پێیی قەبارە کەمە، بەبەراورد بە ولاتانی ناوچەکە و جیهان.

بۆ نووسین و ڕیکخستن و گەشتنە دەرئەنجامێکی زانستی لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی خوێنددنەوەیی (الاستقرائی) بەکارهاتووە بە هەردوو ڕیگای نوسینی جوگرافیی :

١-وەسفی: پاڵپشت بە داتاکانی دەزگا حکومییەکان و کاری مەیدانی توێژەران وەسفی تەواوی پیشەسازییەکانمان کردووە بە پێیی قەبارەیان.

٢- شیکاری : کە پاڵپشت بە شیکاری جوگرافیایی و جیاوازی جۆرەکانی پیشەسازی بە پێیی قەبارە و چەندیەتی کرێکاری ناوچەکە تێیدا و بەراوردکردن (پاڵپشت بە دیاردە جوگرافییە کاریگەرەکان لەسەر ئەو جیاوازیە)ی ژمارەي کرێکارانی ناوچەکە بە پێی قەبارە و بە پێی و کرێکارانی ناوچەکانی تر.

بۆ گەشتە دەرئەنجام و پشتبەست بە ئامانج و میتۆدی توێژینەوەکە توێژینەوەکە، دابەشکراوەتە سەر(٣) سێ تەوەری سەرەکی:-

- ناساندنی شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوەکە.
- پەیکەربەندی کەرتی پیشەسازی ناوچەی توێژینەوە.
- قەبارەی پیشەسازییەکان و ڕۆڵیان لە دابینکردنی هەلی کاردا.

تەوەری یەکەم: ناساندنی شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوەکە

یەکەم: شوێنی جوگرافی قەزای بازیان.

بازیان یان دۆڵی بازیان ناحیەیەک بووە سەر بە قەزای ناوەندی سلێمانی( ساڵنامەی سلێمانی، ١٩٩٩، لا ٥٨)،لەڕووی ناوەوە ناوچەکە لای دانیشتوانی خۆجێی بەدۆڵی بازیان ناسراوە، لە ئێستادا بووە بە قەزا و یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای سلێمانی(*).

قەزای بازیان دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای شاری سلێمانی بە دووری (٣٧کم)، کە پارێزگای سلێمانی یەکێکە لە پارێزگاکانی باشوری کوردستان و لە ساڵی( ١٩٩١) ەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوە دەبرێت، دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی عێراق و خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە، نەخشەی(١)


هۆکاری ناولێنانی بە(دۆڵی بازیان) یان (حەوزی بازیان) لەبەر ئەوەی لە هەر چوارلاوە بە چیا دەورە دراوە، بەجۆرێك شێوەی ئاوەزێڵی پێبەخشیوە و لەناوچەکانی تری دەورووبەری نزمترە، ناوچەی لێکۆڵینەوە شێوەیەکی لاکێشەیی هەیە پێکهاتووە لە چەند زنجیرە شاخێک و دەشتێکی درێژکۆلەی باریک لەگەڵ چەندین گردۆڵکە، درێژبوونەوەکەشی لە باکوری خۆرئاوا بۆ باشوری خۆرهەڵاتە. دەشتی بازیان هاوشێوەی زنجیرە شاخەکان درێژدەبێتەوە، دۆڵی بازیان یەکەمین دۆڵە لە دۆڵەکانی زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس کاتێک لە دەربەندی بازیانەوە بەرەو خۆرهەڵآت بێیت بۆیە بە دەروازەی ناوچەی سلێمانی دادەنرێت لە خۆرئاواوە (**محمد و احمد، ٢٠٢٣، لا ٩**)

قەزای بازیان شوێنێکی ناوەندی هەیە، ڕێگای گشتی (کەرکوک- سلێمانی) بە ناویدا تێدەپەڕێت واتە شارێکی ناوەندییە ، شاری سلێمانی دەبەستێتەوە بە شاری کەرکوک و شارەکانی تری عێراقەوە، واتە کەوتوتە نێوان دوو مەڵبەندی نیشتەجێبوونی دانیشتوانەوە، لە زانستی جوگرافیای شاردا شوێنی ناوەندی جێگەی بایەخی ئابووری وکۆمەڵایەتی و سیاسیان هەیە.

ناوچەی قەزای بازیان لە ڕووی هەڵکەوتەی شوێنەکەیەوە بە چەند یەکەیەکی کارگێری دەورە دراوە بە گوێرەی پارێزگای سلێمانی و سنوری هاوبەشیان لەگەڵیدا هەیە، لە خۆرهەڵاتەوە ناحیەی بەکرەجۆیە بەدوری ($٢٧کم^٢$ )، لە خۆرئاوایەوە بەدووری ($٣٢کم^٢$) قەزای چەمچەماڵ و ناحیەی تەکیەیە، لە باکوری خۆرهەڵاتەوە بەدووری ($١٧کم^٢$) ناحیەی پیرەمەگرونە، لە باشور و باشوری خۆرهەڵاتەوە قەزای قەرەداغە(علی، ٢٠٠٨، لا ٤١)

، لە ڕێگەی سێ دەربەندەوە بە ناوچەکانی ترەوە دەبەسترێتەوە ئەوانیش دەربەندی (تاسلوجە) لە خۆرهەڵات، دەربەندی(بازیان) لە خۆرئاواوە، دەربەندی (باسەرە) لە باشوری خۆرهەلات، کە ئەمەی دواییان بازیان بەناوچەی گەرمیانەوە دەبەستێتەوە(ڕشید، ٢٠١١، لا ٣١٢)

نەخشەی(١)شوێنی بازیان بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە :

١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆژیای زانیاری و بەشی ڕوپێوی و GIS، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣

.

٢،١. **بەکارهێنانیبەرنامەی**ARCMAP.arc.GIS10.8

دووەم: دانیشتوانی قەزای بازیان

دانیشتوان سروشتێکی داینامیکی هەیە، چونکە بەردەوام لە زیادبوون یان کەمبوون دایە، لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا دانیشتوان وەستاو (مت) نییە، بەهۆی (لەدایکبوون و مردنی بەردەوام)ەوە، ئەندامانی کۆمەڵ هەمیشە لە جوڵە و گۆڕاندان.

ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەردەوام لە گۆڕاندایە، هەندێ ساڵدا ژمارەکە کەمیکردوە و زۆر ساڵیش ڕوو لە زیادبوون بووە. کە هۆکارەکەی هەندێك سروشتی و زۆربەی مرۆیي بووە .

تا سەرەتای سەدەی بیست ناوچەی بازیان ژمارەی دانیشتوانی کەم بووە ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی بازیان لە سەردەمی دەسەڵاتی ئینگلیزەکاندا بە دیاریکراوی لە ساڵی 1920وەک لە ژمارە (٢٨)ی ساڵی یەک لە ڕۆژنامەی پێشکەوتندا بڵاوکراوەتەوە ژمارەی دانیشتوانی بازیان (١٧٦٢) کەس بووە کە (٦٤٦) پیاو و (٥٤٠) ژن و (٢٤١) کچ و (٣٣٥) کوڕ لە (٦٣٨) خانوو و (٤٠) گوند پێکهاتبوون(پێشکەوتن، ژمارە ٢٨ م لە ١٩٢٠/١١/٤).بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنەکەی کە سەرەڕێی هاتوچۆی سوپا داگیرکەرەکان بووە و مەیدانی پێکدادانی سەربازی بووە، بۆیە کۆچکردن دیاریدەیەکی دیار و بەردەوام بووە لە ناوچەکە، دوای سەقامگیربوونی ناوچەکە لە ڕووی سیاسیەوە بەرەو گەشەکردن و ئاوەدانی ڕۆیشتووە و ژمارەی دانیشتوانی ساڵ بە ساڵ زیادی کردووە بۆ نمونە ساڵی ٢٠٠٩ ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی (٤٠٥٢١) کەس بووە، یەکێک لە هۆکارەکانی زیادبوونی دانیشتوانی ناوچەکە نیشتەجێبوونی هۆزەکان بووە کە پێشتر کۆچەری بوون.

یەکەم سەرژمێری فەرمی لە ساڵی ١٩٤٧ لە عێراق دا کراوە، دانیشتوانی بازیان (٤٢٠٠) کەس بووە کە لە (٣٦) گونددا نیشتەجێبوون، دواتر لە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ کە بە دروستترین سەرژمێری دادەنرێت، لەم سەرژمێریەدا ژمارەی دانیشتوانی بازیان (٥٦٩٥) کەس بووە کە (٢٩٧٢) نێر بوون و (٢٧٢٣) کەس لە ڕەگەزی مێ بوون، هەروەها بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی (١٩٦٥) ژمارەی دانیشتوانی بازیان بەرزبۆتەوە بۆ (٨٢٦١)، کەس کە (٤٧٧٩) لە ڕەگەزی نێر و (٣٤٢١) لە ڕەگەزی مێ بوون.

لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی دانیشتوان بەرزتر بوەتەوە و بۆتە (١٢٤٤٣) کەس، بەڵام بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ ئەم ژمارەیە کەمبۆتەوە بۆ (١١٥٤٦)کەس، بەهۆی گواستنەوەی گوندەکانی و ڕوخاندنیان لە نێوان ساڵآنی (١٩٧٧- ١٩٨٧) ڕێژەی دانیشتوانی ناحیەی بازیان دابەزیوە بە بەراورد بە ساڵی ١٩٧٧، ڕێژەی دانیشتوانی ناحیەی بازیان (١,٨٠٪) بووە و لەساڵی ١٩٨٧ دابەزیوە بۆ (١,٢١٪) کۆی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٢ ڕێژەکە بەرزبۆتەوە بۆ (٢,٦٤٪)کۆی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی(علی،٢٠٠٦،ل ١٧)خشتەی(١).

خشتەی(1) سەرژمێری گشتی دانیشتوانی قەزای بازیان لەنێوان ساڵانی (2002-1965)

| ساڵ | شارنشین | | گوندنشین | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | |
| 1920 | - | - | - | - | 1762 |
| 1947 | - | - | - | - | 4200 |
| 1957 | - | - | - | - | 5692 |
| 1965 | 162 | 2 | 8099 | 98 | 8261 |
| 1977 | 382 | 3,1 | 12061 | 96.1 | 12443 |
| 1987 | 2629 | 22.8 | 8917 | 77.2 | 11546 |
| 1991 | - | - | - | - | 18297 |
| 2002 | 28213 | 85.6 | 4734 | 14.4 | 32947 |
| 2009 | - | - | - | - | 40521 |
| 2021 | - | - | - | - | 67000 |

کاری توێژەر پشت بەست بە : کاروان محمد و یاسین ئەحمەد، بازیان مێژوو و گەشەسەندنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٣، ل ٥٥. (-) داتای ئەو ساڵانەمان دەست نەکەوتووە.

یەکێک لە فاکتەرە سەرەکیەکانی ئەم زیادبوونە هۆکاری سیاسین، بە هۆی ڕاگواستنی دانیشتوانی ناوچە سنوری و شاخاوییەکان بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان کە حکومەتی عێراق دروستی کردوون لەناوچەکە وەک ئۆردوگای ئەڵآیی و بازیان و تەیناڵ و باینجان و گۆپاڵە.

بۆ شەرعیەتدان بە ڕاگواستنی گوندنیشینەکان و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردوگاکاندا ڕژێمی بەعس ڕاگواستنی گوندەکانی خستە چوارچێوەیەکی "زانستیەوە" بەناوەی (ڕیفۆری کشتوکاڵ)، ئەوەبوو بۆ یەکەم جار لەساڵی (١٩٧٤) دا بیرۆکەکە خرایە بواری جێبەجێکردنەوە و چەند ئۆردوگایەک بەناوی گوندی هاوچەرخەوە لە نزیک پارێزگای سلێمانی نەخشەیان بۆ کێشراو دەستکرا بە دروستکردنیان بە تایبەت لەسەر ڕێگای سەرەکی سلێمانی-کەرکوک، ئەوانیش بریتیبوون لە هەر پێنج ئۆردوگای (تاسڵوجە، ئەڵآیی ، تەینال، گۆپاڵە، تەکیە)( محمد، ٢٠٠٤، لا ١٧٨) ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە (٤٠٥٢١) کەسە بەپێی سەرژمێری ساڵی (٢٠٠٩).

بە پێی تازەترین ئاماری فەرمی قائیمقامیەتی قەزای بازیان ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە (67585)(شەست و حەوت هەزار و پێنج سەد و هەشتا و پێنج کەس) و(١٥١٨٢) پانزە هەزارو سەدو هەشتا و پێنج کەسە(قائیمقامیەتی قەزای بازیان، ٢٠٢٢).

## ٢. پەیکەر بەندی کەرتی پیشەسازی قەزای بازیان

پەیکەربەندی پیشەسازی بە یەکێك لە لێکۆڵینەوە گرنگ و پێویستەکانی پرۆسەی پەرەپێدانی پیشەسازی دادەنرێت، چونکە هۆکارە بۆ دەرخستنی چەندیەتی و چۆنیەتی بوونی پیشەسازییەکان بە ژمارە و جۆرەوە لە ناوچەیەکدا، بۆ دیاریکردنی پەیکەری پیشەسازی پێویستە پیشەسازی ناوچەکە پۆلین بکرێت(پۆلێنکردنەکە لەسەر لەسەر بنچینەیەك) لەسەر بنەمای ئەو پۆلێنکردنە کەرتە پیشەسازییەکان دیاری بکرێت.

یەکەم: پۆلێنکاری کەرتی پیشەسازی لەقەزای بازیان

پۆلێن کاری پیشەسازی (Industrial classification) :بریتیە لە کۆکردنەوەی پیشەسازییە هاوشێوەکان لە یەک کەرتدا یان بەستنەوەیان بەیەک کەرتی پیشەسازیەوە بە ئامانجی ئاسانکاری بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان لەسەر پیشەسازی و جۆر و ژمارەی کرێکار و بڕ و ئاستی بەرهەم، چونکە پۆلێنکاری پیشەسازی دەبێتە هۆی دارشتنی پلانی پیشەسازی و پەرەپێدانی ئابوری وڵات(الوتبان، ٢٠١٠، ص٤٠).

لەهەر توێژینەوەیەکدا پۆلین کردنی پیشەسازی بەپێی ئامانجێکی دیاریکراوە، پۆلێنکردنەکانیش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، وەک پۆلین کاری نێودەوڵەتی بۆ هەموو چالاکیە ئابوریەکان (ISIC)، پۆلین کاری

ئەنجومەنی هاوکاری ئابوری، پۆلێنکاری ئەڵمانی، پۆلێنکاری ئەمریکی، هەروەها چەندین پۆلێنی تر لەسەر بنەمای بەرهەمهێنان یان جۆری کەرەستەی خاوی بەکارهاتوو یان بەپێی بنەمای تایبەتمەندیە گشتیەکان، سەرەرای ئەوەی دەکرێت لەهەمان پۆلێنکاریدا پێورەکانی پۆلینکاریەکە جیاوز بێت(رشید، ٢٠١٤، ل ٢٥-٣٢).

ئێمە لە توێژینەوەکەماندا بۆ دیاریکردنی کەرتی پیشەسازی لەناوچەی لێکۆڵینەوە پشت دەبەستین بە پۆڵێنی قەبارە، تاوەکو ئێستا لێکۆڵەرەوانی بوارەکانی جوگرافیا و ئابووری و پیشەسازی ڕێکنەکەوتوون لەسەر پێوەرێکی دیاریکراو بۆ ئەم پۆلێن کردنە، بەڵکو لەسەر چەند بنەمایەک هەڵدەستن بەدیاریکردنی یاخود پۆڵێنکردنی کارگە پیشەسازییەکان لەوانە ( ژمارەی دەستی کار(کرێکار [1] – سەرمایە – کارمەند [2]) .

فەلسەفەی پۆلێنکردنی پیشەسازی بە گوێرەی قەبارە، دیاریکردنی قەبارەی کارگە پیشەسازییەکانە بەپێی کارگەی پیشەسازی (بچووک، مام ناوەند، گەورە) ئەم پێوەرە پشت بەست بە دەستی کار لەناو پرۆژە پیشەسازیەکە، لە وولاتێکەوە بۆ وولاتێکی تر جیاوازە، بۆنمونە بەلای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی ( UNIDO) بەم شێوەیە دەناسێنێت پیشەسازی قەبارە بچووک : ئەو پیشەسازییانە دەگرێتەوە کە مۆڵکی تاکەکەسە و دەستی کاری لەنێوان (٥٠-١٠) کەس دایە( ١٠ کەمتر بە پیشە ناودەبات)، بەڵام قەبارە مامناوەند لە( ١٠٠-٥١) ، لە ١٠٠ کەس زیاتر بە قەبارە گەورە دادەنرێت.

بەشێوەیەکی گشتی لەولاتی عێراقدا لەزۆربەی لێکۆلینەوەکانی جوگرافیای پیشەسازی پشت دەبەسترێت بە بەکارهێنانی ژمارەی دەستی کار لە کارگەکاندا بۆ دیاریکردنی قەبارەی کارگە پیشەسازییەکان، چونکە بە گوێرەی دەزگاکانی پیشەسازی عێراق لە ساڵی ١٩٨٣ بۆ دیاریکردنی قەبارەی پیشەسازی پشتبەستە بە دەزگاکانی ناوەندی ئامار که تیایدا دەڵێت:

أ-پیشەسازی قەبارە بچووک : ئەو پیشەسازییانەی کە دەستی کاریان لەنێوان (١٠-١) دایە .

ب- پیشەسازی قەبارە مامناوەند : ئەو پیشەسازییانە دەگرێتەوە کە دەستی کاری لەنێوان ( ١١-٢٩) دایە.

ج- پیشەسازی قەبارە گەورە : ئەو پیشەسازییانە دەگرێتەوە کە ژمارەی دەستی کاریان لەجۆرەکانی پێشوو تری زیاترە لە (٣٠) کارمەند و زیاتر(الألوسي، ٢٠٢٢، ص ١٦)

ئێمەش بۆ دیاریکردنی قەبارەی پیشەسازی ناوچەی لێکۆڵینەوە پشت بەستین بە هەمان پۆلێنکاری کە لە وولاتی عێراقدا بەکار دێت کە بەکارهێنانی ژمارەی دەستی کار چونکە :-

١-ئاسانکارە بۆ کرداری بەراودکاری لەنێوان کەرتەکانی پیشەسازی و دیاریکردنی، پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە تایبەتمەندیە جوگرافیەکانەوە .

٢-پێوەرێکی جێگیر و نەگۆرە لەزۆربەی دۆخەکاندا .

٣-کۆکردنەوەی زانیارییەکان بۆ بەکارهێنانی ئەم پێوەر ئاسانترە بە بەراورد بە سەرمایە(معروف و ایهاب مقابله، ، ٢٠٠٦، ص ٤)

لەبەرئەوە پێوەرێکی ئاسانە و ئاسانترین پێوەری پەیرەوکراوە بۆ دیاریکردنی قەبارەی پیشەسازی ( بچووک – مامناوەند– گەورە )

دووەم : پۆڵێنکردنی کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپۆلێنکاری قەبارە بەپێی پێوەری دەستی کار .

پشت بەست بە پۆڵێنی ستانداردی وڵاتی عێراق، کە دەستی کاری وەک بنەمای سەرەکی قەبارەی پیشەسازی دیاریکردووە، کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دابەش دەکەین بۆ سێ قەبارە ( بچووک – مامناوەند – گەورە ) .

### ١,٢ . پیشەسازی قەبارە بچووک

ئەو پیشەسازیانەن کە مرۆڤ پشت بەستە بە شارەزایی و پیادەکردنی لەلایەن مرۆڤەکانەوەیە و پشت بەستە بە دەستی کار و کەرەستە خاوەکانی و ئامانج تیایدا بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی مرۆڤە لەبوارە جیاوازەکاندا(صقر، ٢٠٠٤، ص ٢٢) پیشەسازییە بچوکەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ٣٨(سی و هەشت) پیشەسازییە(*). پیشەسازییە بچووکەکان رۆڵێکی گرنگیان هەیە لەسەر کەرتی پیشەسازی رێژەی نزیکەی(٤٨,٧٪) کۆی سەرجەم کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەکە پێکدەهێنێت، بەڵام لەرووی دەستی کارەوە کەمترین دەستی کار لەم پیشەسازیە بچوکانەدا کاردەکەن و یەکێک لەتایبەتمەندیەکانی ئەم پیشەسازیانە ئەوەیە کە هی تاکەکەسن و زیاتر پیشەن بەتایبەتی ئاسنگەری.

### ٢,٢. پیشەسازی قەبارە مامناوەند

ئەو پیشەسازییانە دەگرێتەوە کە ژمارەی دەستی کاری لە قەبارەی بچوک زیاترە و پشت بە شارەزایی گروپ دەبەستێت، ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریيان هەیە لە پەرەپێدانی

---

[1] - کرێکار: سەرجەم ئەو تاکە بەکارهێنراوانە دەگرێتەوە کە لە هەر لقێک لە لقەکان پیشەسازیدا کاردەکەن.

[2] - کارمەند: هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە پیشەسازیدا کاردەکەن بە گوێرەی پسپۆڕیەکانیان ئەرکەکانیان دەگۆڕێت

ناوچە گوندیەکان و دابینکردنی هەلی کار و زیادبوونی سەرمایە .

سەبارەت بەناوچەی لێکۆڵینەوە کە ژمارەی دەستی کاری زیاترە لەنێوان ( ٢٩-١٠) کەس، ژمارەیان دەگاتە (٢٠) کارگەی پیشەسازی .

پیشەسازییە قەبارە مامناوەندەکان ڕێژەیان دەگاتە (٢٥,٦٪)کۆی سەرجەم کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، کە لە ڕووی ژمارەوە کەمترە لە کارگە پیشەسازیە بچوکەکان بەڵام لە ڕووی ژمارەی دەستی کارەوە زیاترە لە پیشەسازی قەبارە بچوک.

٣-پیشەسازی قەبارە گەورە

ئەو پیشەسازییانە دەگرێتەوە کە ژمارەی دەستی کاریان لە( ٣٠ ) کەس زیاترە، سەبارەت بەناوچەی لێکۆڵینەوە (٢٠ ) کارگەی پیشەسازی قەبارە گەورە بەدیدەکرێت، ئەم پیشەسازیانە ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریان هەیە لەگەشەسەندن و پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی و دابینکردنی هەلی کار و بەدیهێنانی سەرمایە، شایانی باسە کارگەکانی چیمەنتۆ و کارگە پیشەسازیە خواردەمەنیەکان پشت بە کەرەستەی خاوی ناوچەکە دەبەستن ، زۆرینەی ئەم پیشەسازیانە دەکەونە دەرەوەی سەنتەری قەزاکەوە، ئەم کارگانە هۆکارێکی سەرەکی و دابینکردنی پێداویستی پیشەسازین لەسەر ئاستی ناوچەکە و هەرێم و عێراق، پێداویستیەکی زۆری دانیشتوان پڕ دەکەنەوە ، ڕێژەی کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە(٢٥,٦٪) کۆی کارگە پیشەسازیەکان، زۆرترین دەستی کار لەم کارگە قەبارە گەورانەدا کاردەکەن.

## ٣. کارگە پیشاسازییەکانی قەزای بازیان و ڕۆڵی لەدابینکردنی هەلی کار

لێرەدا ئامانجمانە ژمارەی دەستی کار لە کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەپێی قەبارەی پیشەسازییەکان بخەینەڕوو، لەگەڵ دیاریکردنی کاریگەری کارگە پیشەسازییەکان لەسەر دروستکردنی هەلی کار بۆ دانیشتوانی قەزاکە و پارێزگای سلێمانی و دەرەوەی هەرێم بۆ ڕوونکردنەوەی کاریگەری پیشەسازی لەسەر دەستی کار، باس لە گروپەکانی دانیشتوان دەکەین لە ناوچەی لێکۆڵینەوە:-

### ١,٣. پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە

بنەمایەکی گرنگی جوگرافیایە کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر چالاکی پیشەسازی، چونکە دیاریکردنی کۆمەڵگەی دانیشتوانە بەپێی گروپەکانی تەمەن کە دیاریکردنی گروپی بەکاربەر و بەرهەمهێنە.

آ-گروپی پێکهاتەی تەمەن ( منداڵ ) :

ئەو گروپەیە کە تەمەنیان لەنێوان ( ١٤-٠) ساڵ دایە، ژمارەیان ڕێژەی لە ( ٣٠,٢٪ ) دانیشتوان لە خۆدەگرێت.

ب-گروپی پێکهاتەی تەمەن ( هێزی کار )

ئەو گروپەیە کە تەمەنیان لەنێوان ( ٦٤-١٥) ساڵ دایە، سەرچاوەی سەرەکی دابینکاری دەستی کارە و بەگروپی بەرهەمهێن ناودەبرێن، سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەیان نزیکەی (٤٣٨٦٢) کەسە کە ڕێژەی ( ٦٤,٩٪) دانیشتوانی ناوچەکە پێکدەهێنێت، کە گەورەترین گروپی تەمەنن.


ج-گروپی پێکهاتەی تەمەن ( گەورە و بەساڵاچوو)

ئەو گروپە دەگرێتەوە کە تەمەنیان لە (٦٤) ساڵ زیاترە و بەگروپی بەکاربەر ناودەبرێت، چونکە توانای کاریان سنووردارە یاخود کەمە، ڕێژەیان دەگاتە (٤,٩٪) دانیشتوانی ناوچەکە پێکدەهێنێت(قائیمقامیەتی قەزای بازیان، ٢٠٢٢)کە کەمترین گروپی تەمەنن لە کۆی دانیشتوانی قەزاکە.

### ٢,٣. پێکهاتەی ڕەگەز

مەبەست لە پێکهاتەی ڕەگەزی کرێکارە بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، ئەمەش بەپێی جۆر و شێوازی کەرتی پیشەسازی دەگۆڕێت، هەندێک پیشەسازی هەیە پێویستی بە ڕەگەزی مێیە، بەپێی داتاکانی ساڵی ( ٢٠٢٢ ) ژمارەی ڕەگەزی مێ لە کەرتی پیشەسازی لە قەزای بازیاندا ١٣٨ کەس بووە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (٢٪) کۆی دەستی کار لە ناوچەکە.

شێوەی(١) ڕێژەی نێر و مێ لە پیشەسازیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە



دووەم: دەستی کار لە کارگەی پیشەسازییە بچووکەکان

سەبارەت بەدەستی کار لە کارگە پیشەسازیە بچوکەکاندا بە پێی ئاماری ساڵی (٢٠٢٢) (١٢٢) کەس لەم کەرتەدا کاردەکەن.

خشتەی (2 )ژمارەی دەستی کار لە کارگە پیشەسازیە قەبارە بچووکەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

| ژ | ناوی کارگە | ژمارەی پیشەسازی | کۆی گشتی کرێکار | ژ.کرێکاری قەزا | | ژ. کرێکاری پارێزگای سلیمانی | | ژ کرێکاری دەرەوەی هەرێم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ژمارە | ڕێژە٪ | ژمارە | ڕێژە٪ | ژمارە | ڕێژە ٪ |
| ١ | کارگەی غاز | ٧ | ٤٥ | ٢٢ | ٤٨,٨ | 0 | ٠ | ٢٣ | ٥١,٢ |
| ٢ | کارگەی ئاسنگەر | ١٨ | ٢٧ | ٢٤ | ٨٨,٩ | ٣ | ١١,١ | | ٠ |
| ٣ | جوجک هەڵهێنەر | ٢ | ١٤ | ٦ | ٤٢,٨ | 0 | ٠ | ٨ | ٥٧,٢ |
| ٤ | کارگەی بلۆک | ٢ | ١٢ | ٩ | ٧٦,٩٢ | ٣ | ٢٣,٠٨ | | ٠ |
| ٥ | کۆمپانیای ژیرکۆ بۆ هاڕینی تایە | ١ | ٥ | ٥ | ١٠٠ | 0 | ٠ | | ٠ |
| ٦ | کارگەی سندوقی بازیان | ١ | ٥ | ٤ | ٨٠ | ١ | ٢٠ | | ٠ |
| ٧ | کارگەی گۆپاڵە بۆ هاڕینی پلاستیک | ١ | ٢ | ٢ | ١٠٠ | | ٠ | | ٠ |
| ٨ | کارگەی سەهۆڵی پەروێز | ١ | ٣ | | | ٣ | ١٠٠ | | |
| ٩ | کارگەی خانووی پلاستیکی شاهۆز | ١ | ٨ | ١ | ١٢,٥ | ٧ | ٨٧,٥ | | ٠ |
| | کۆی گشتی | ٣٤ | ١٢١ | ٧٣ | ٦٠,٦ | ١٧ | ١٣,٩ | ٣١ | ٢٥,٤ |

کاری توێژەر پشت بەست بە : کاری مەیدانی – فۆرمی ڕاپرسی

لە خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت کە ژمارەی کرێکاران لەم کەرتەدا (١٢٢)کەسە لە کۆی گشتی دەستی کاری قەزاکە بووە بەجۆرێک ڕێژەی (٦٠,٦٪) دانیشتووی قەزای بازیان بوون کە (٧٤) کەس بوون، بەڵام ڕێژەی (١٣,٩٪) دانیشتووی دەرەوەی قەزاکە بوون لە سنوری پارێزگای سلێمانی کە ژمارەیان ١٧ کەسە، شایەنی باسە پیشەسازی قەبارە بچوک بووە بەهۆی ڕاکێشانی دەستی کاری دەرەکی بە جۆرێک ڕێژەی (٢٥,٤٪) ی دەستی کاری پیشەسازی بچوک لە دەرەوەی هەرێم هاتون کە ژمارەیان (٣١) کەسە.

بەبەراوردکاری لە نێوای تەمەنی کارکەری قەزاکە، پیشەسازی بچوک بە ڕێژەیەکی کەم بەشداری دەکات لە دابینکردنی هەلی کار بۆ دانیشتوانی قەزاکە، بە جۆرێک تەنها بووە بە هۆی دابینکردنی ڕێژەی (٠,١٦٪)، کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە بە بەراورد بە زۆری ژمارەی کارگە پیشەسازیە بچوکەکان لە چاو پیشەسازیە مامناوەند و گەورەکان.

هۆکاری کەمی دەستی کار لەم جۆرە پیشەسازیانە دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی کەلوپەل لەدەرەوەی وولات کە بازاڕی کەلوپەلی ناوخۆیی کەم کردوە و ئەمەش بۆتە هۆی وەستاندنی هەندێک کارگە و کەمکردنەوەی هەندێکی تر، ئەمەش بەتایبەت کاریگەری لەسەر کارگەکانی ئاسنگەری هەبووە و هەروەها کارگەکانی غاز کە زۆرینەیان ئۆتۆماتیکن و پێوستیان بەدەستی کاری کەم هەیە.

هۆیەکی تری کەمی دەستی کار لەم پیشەسازیانەدا کەمی کرێی ئەو کەسانەیە کەلەم کارگانەدا کاردەکەن ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی خەڵکی ناوچەکانی تری عێراق کاربکەن لەم کارگانەدا بە تایبەت لە دوای ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق.

زۆرینەی کرێکارانی دەرەوەی هەرێم لە کارگەی غازەکاندا کاردەکەن کە زۆرینەیان لە نەتەوەی عەرەبن و ئاوارەن ئەمەش بەهۆی دابینکردنی شوێنی مانەوە بۆ خۆیان و خێزانەکانیان لە ناو کارگەکاندا.

٢ -دەستی کار لە کارگەی پیشەسازییە مامناوەندەکان:-

ئەم جۆرە پیشەسازیانە کە ژمارەیان (١٧) کارگەیە بوون بە هۆی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ (٢٧٤) کەس بە پێی ئامارەکانی ساڵی (٢٠٢٢).

خشتەی (3) ژمارەی دەستی کار لە کارگە پیشەسازیە قەبارە مامناوەندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە

| ژ | ناوی کارگە | ژ پیشاری | کۆی گشتی کرێکار | ژمارەی کرێکاری قەزا | | ژ.کرێکاری پارێزگای سلیمانی | | ژ کرێکاری دەرەوەی هەرێم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ژ | ڕێژە٪ | ژ | ڕێژە٪ | ژ | ڕێژە٪ |
| ١ | کارگەی بلۆك | ٤ | ٤٥ | ٣٧ | ٨٢,٢ | ٦ | ١٣,٣ | ٢ | ٤,٤ |
| ٢ | کارگەی کۆنکریت | ٢ | ٣٢ | ٢١ | ٦٥,٦ | ١١ | ٣٤,٤ | ٠ | ٠ |
| ٣ | کارگەی ئارد | ١ | ١١ | ٥ | ٤٥,٤٥٤٥٤٥٥ | ١ | ٩,٠٩٠٩٠٩٠٩ | ٥ | ٤٥,٤٥٤٥٤٥٥ |
| ٤ | کارگەی پەیوەست بۆ بەرهەمهێنانی تارتان | ١ | ١١ | ١ | ٩,٠٩٠٩٠٩٠٩ | | ٠ | ١٠ | ٩٠,٩٠٩٠٩٠٩ |
| ٥ | کارگەی بازیان بۆ بەرهەمهێنانی شووشە | ١ | ٢٠ | ١٥ | ٧٥ | ٣ | ١٥ | ٢ | ١٠ |
| ٦ | کارگەی ئالیك | ٢ | ٢٤ | ١٧ | ٧٠,٨٣ | ٧ | ٢٩,١٧ | ٠ | ٠ |
| ٧ | کارگەی ئاوی جام | ١ | ٢٤ | ٧ | ٢٩,١٦٦٦٦٦٧ | ٧ | ٢٩,١٦٦٦٦٦٧ | ١٠ | ٤١,٦٦٦٦٦٦٧ |
| ٨ | کارگەی باران کایە بۆ بەرهەمهێنانی بیهارتۆن | ١ | ٢٠ | ١٦ | ٨٠ | ٢ | ١٠ | ٢ | ١٠ |
| ٩ | کارگەی گاڵف کرایۆ بۆ بەرهەمهێنانی ئۆکسجین | ١ | ٢٧ | ٥ | ١٨,٥١٨٥١٨٥ | ١٨ | ٦٦,٦٦٦٦٦٦٧ | ٤ | ١٤,٨١٤٨١٤٨ |
| ١٠ | کارگەی کاشی بژار | ١ | ٢٥ | ١٨ | ٧٢ | ٢ | ٨ | ٥ | ٢٠ |
| ١١ | کارگەی عێراق ئەسید بۆ تێزاب | ١ | ١٤ | ٢ | ١٤,٢٨٥٧١٤٣ | ٤ | ٢٨,٥٧١٤٢٨٦ | ٨ | ٥٧,١٤٢٨٥٧١ |
| ١٢ | کارگەی بۆری پلاستیکی وەتەنیە | ١ | ٢١ | ٤ | ١٩,٠٤٧٦١٩ | ١٦ | ٧٦,١٩٠٤٧٦٢ | ١ | ٤,٧٦١٩٠٤٧٦ |
| | کۆی گشتی | ١٧ | ٢٧٤ | ١٤٨ | ٥٤,٠١٤٥٩٨٥ | ٧٧ | ٢٨,١٠٢١٨٩٨ | ٤٩ | ١٧,٨٨٣٢١١٧ |

کاری تـوێژەر پشـت بەسـت بە : کـاری مەیـدانی – فۆرمی ڕاپرسی

لە خشـتەکەوە بۆمـان دەردەکەوێـت کە پیشەسـازیە مامناوەندەکان بـوون بەهـۆی ڕەخسـاندنی هەلـی کـار بـۆ (١٤٨) کەس لە دانیشـتوانی قەزاکە کە دەکـاتە ڕێـژەی (٥٤٪) کـۆی کرێکـارانی پیشەسـازی مامناوەنـد، هەروەهـا بـوتە هـۆی دابنیکردنـی کـار بـۆ (٧٧) کەس لە ناوچەکـانی دەرەوەی قەزاکە لە سـنوری پارێزگـای سلێمانی بە ڕێژەی (٢٨,١٪).

هەروەهـــا (٤٩) کەس لە دەرەوەی هەرێمـــی کوردسـتان لەم کەرتە پیشەسـازیەدا کـاردەکەن لە سـنوری قەزاکە، کە دەکـاتە ڕێـژەی (١٧,٨٪)ی کرێکـارانی پیشەسازیە مامناوەندەکان لە قەزای بازیاندا.

نـزیکەی نیـوەی کرێکـارانی ئەم کەرتە لەدەرەوەی قەزاکەوە دێـن بـۆ کـارکردن کە ژمارەیـان (١٢٦)کەسـە، دەکـاتە ڕێـژەی (٤٥,٩٪) کـۆی ئەو کەسـانەی کە لەپیشەسـازیە مامناوەندەکانـدا کـاردەکەن، ئەمەش بەچەنـدین هۆکـار لەوانە: هەنـدێک کـارگە و هەنـدێک لە بەشـەکانی کـارگە مامناوەنـدەکان پێویسـتیان بەدەسـتی کـاری شـارەزا هەیە، جـگە لەوە زۆریـنەی کـارگە مامناوەنـدەکان خاوەنەکانیـان خەڵکـی دەرەوەی قەزاکەن و لە شـارە گەورەکـانەوە بەشـێک کرێکـار دەهێـنن، هەروەهـا کەمـی کرێـی کرێکـار هـۆیەکی تـرە کە خەڵکـی دەرەوەی هەرێـم بەو ڕێـژەیە لە کـارگە مامناوەندەکانـدا هەن.

هەروەهـا بـوونی مەترسـی لە هەنـدێک لە کارەکانـدا وایکـردوە کە خەڵکـی نـاوچەکە دوربـکەونەوە لەهەنـدێک کـاری نـاو بەشـێک لە کارگەکـان، بـۆ نمـوونە هەندێک جـار ئەو کەرسـتانەی دووبـارە بەکاردەهێنـدرێنەوە لە دروسـتکردنی شیشـدا لە کـاتی بەکارهێنانەوەیانـدا تەقەمەنـی نە تەقیـوی تیـادایە، ئەمەش زۆرجـار کـاریگەری خـراپ جێـدەهێڵێت و کارەسـات دروسـت دەکات .

تێبینـی دەکرێـت کە تەنهـا (کـارگەی بلـۆکی سـاماڵ، کـارگەی ئـالیکی بازیـان) بەڕێـژەی (١٠٠٪) کرێکارانیـان دانیشـتووی قەزاکەن، بەڵام کارگەکـانی تـر کرێکارانیـان تێـکەڵەیەکە لە دانیشـتووی قەزاکە و دانیشـتوانی پارێزگای سلێمانی و دەرەوەی هەرێم.

٢- دەستی کار لە کارگەی پیشەسازییە گەورەکان:-

ئەم پیشەسازیانە ژمارەیان (٢١) کارگەیە، لەرووی دەستی کارەوە زۆرترین ژمارەی دەستی کار لەم کارگانەدا کاردەکەن بە جۆرێک کە (٦٥١١) هەلی کاری ڕەخساندوە.

خشتەی ( 4) ژمارەی دەستی کار لە کەرتی پیشەسازی قەبارە گەورە لە قەزای بازیاندا

| ژ | ناوی کارگە | ژپیشەسازی | کۆی گشتی کرێکار | ژمارەی کرێکاری قەزا | | ژ. کرێکاری پارێزگای سلیمانی | | ژ کرێکاری دەرەوەی هەرێم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ژمارە | ڕێژە٪ | ژمارە | ڕێژە٪ | ژمارە | ڕێژە٪ |
| ١ | کارگەی چیمەنتۆ | ٤ | ٢٨٥٥ | ٥٢٩ | ١٨,٥٢ | ١١٨٨ | ٤١,٦ | ١١٣٨ | ٣٩,٨٩ |
| ٢ | کارگەی ئاسن و شیش | ٤ | ١٠٩٦ | ٣٤٧ | ٣١,٦٦ | ١٤٨ | ١٣,٥٠ | ٦٠١ | ٥٤,٨٣ |
| ٣ | کارگەی ئاو | ٣ | ٣٣٩ | ١٢١ | ٣٦,١١ | ٢١٨ | ٦٤,٣ | ٠ | ٠ |
| ٤ | کۆمپانیای ڕاسان بۆ بەرهەمهێنانی دەرمان | ١ | ١٥٧ | ٢٠ | ١٢,٧٣ | ٢ | ١,٢٧ | ١٣٥ | ٨٥,٩٨ |
| ٥ | کارگەی مایا بۆ دروستکردن و ڕیسایکلینی پاتری | ١ | ٧٠ | ٥٠ | ٧١,٤٢ | ١٢ | ١٧,١٤ | ٨ | ١١,٤٢ |
| ٦ | کارگەی شیرینی مەیلی | ١ | ٥٠ | ٢٥ | ٥٠ | ١٥ | ٣٠ | ١٠ | ٢٠ |
| ٧ | کارگەی ڕۆیاڵ کان | ١ | ٣٥٠ | ١١٢ | ٣٢ | ١٠٥ | ٣٠ | ١٣٣ | ٣٨ |
| ٨ | کارگەی گرین عێراق | ١ | ٩٢٠ | ١٩٥ | ٢١,١٩ | ٦٠٠ | ٦٥,٢١ | ١٢٥ | ١٣,٥٨ |
| ٩ | کارگەی مۆندی کاسۆ | ١ | ٩٧ | ٦١ | ٦٢,٢٤ | ٢٠ | ٢٠,٤٠ | ١٧ | ١٧,٣٤ |
| ١٠ | پاڵاوگەی نەوتی بازیان | ١ | ٣٥٠ | ١٠٠ | ٢٨,٥٧ | ١٢٥ | ٣٥,٧١ | ١٢٥ | ٣٥,٧١ |
| ١١ | وێستگەی کارەبای بازیان | ١ | ١٥٧ | ٥٤ | ٣٤,٣٩ | ٨٢ | ٥٢,٢٢ | ٢١ | ١٣,٣٧ |
| ١٢ | کارگەی ماستی سلێمانی | ١ | ٤٠ | ٣٣ | ٨٢,٥ | ٥ | ١٢,٥ | ٢ | ٥ |
| ١٣ | کارگەی ئاردی ئەزمەڕ | ١ | ٣٣ | ١٥ | ٤٥,٤٥ | ١٧ | ٥١,٥١ | ١ | ٣,٠٣ |
| | کۆی گشتی | ٢١ | ٦٥١٤ | ١٦٦٢ | ٢٥,٥٢ | ٢٥٣٧ | ٣٨,٩٠ | ٢٣١٦ | ٣٥,٥٧ |

کاری تویژەر پشت بەست بە : کاری مەیدانی – فۆرمی ڕاپرسی

پیشەسازییە قەبارە گەورەکان (١٦٦٢) کەس لە دانیشتوانی قەزاکە کاریان تێدا دەکەن کە ڕێژەی (٢٥,٥٪) کۆی کرێکارانی ئەم پیشەسازیانە دەکات، (٢٥٣٣) کەس لە دەرەوەی قەزاکە و لە سنوری پارێزگای سلێمانی دێنە سنورەکە بۆ کارکردن لە کارگە قەبارە گەورەکان کە دەکاتە (٣٨,٩٪) لە کۆی کرێکارانی پیشەسازی قەبارە گەورە کە ئەمە بەرزترین ڕێژەیە لەچاو دانیشتووی قەزاکە و کرێکارانی دەرەوەی هەرێم.

هەروەها (٢٣١٦) کەس لەدەرەوەی هەرێم دێنە قەزاکە بۆ کارکردن لە کارگە گەورەکان کە دەکاتە ڕێژەی (٣٥,٥٪)، کە بەزۆری خەڵکی شارەکانی ناوەراستی عێراق و دواتر خەڵکی وڵاتی چینن.

هۆکاری زۆری خەڵکی چین لە کارگە گەورەکانی قەزاکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆمپانیای چینی هەستاوە بە دروستکردنی (٣) کارگەی گەورەی چیمەنتۆ لە قەزاکە، سەرەتا کارگەی چیمەنتۆی ماس و دواتر کارگەی چیمەنتۆی دەلتا و لە کۆتایشدا کارگەی چیمەنتۆی گاسن، هەروەها دوای دروستکردنی کارگەکان ئەرکی کارپێکردنی ئەم کارگانە هەر بە کۆمپانیای سینۆمای چینی سپێردراوە کە زۆرینەی کارمەندەکانی خەڵکی وڵاتی چینن.


دوای شیکردنەوەمان بۆ دیاریکردنی دەستی کاری کەرتی پیشەسازی قەزای بازیان و دیاریکردنی شوێنی جوگرافی کرێکاران بۆمان دەرکەوت کە کە کۆی گشتی کرێکارانی کەرتی پیشەسازی لە قەزای بازیان (٦٩٠٧) کەسە، بە جۆرێک لەم ژمارەیە تەنها (١٨٨٤) دانیشتووی قەزاکەن کە دەکاتە(٢٧,٢٨٪)کۆی ڕێژەی کرێکارانە لەسەرجەم پیشەسازیەکان کە نزمترین ڕێژەیە بەراورد بە کرێکارانی دەرەوەی قەزاکە و دەرەوەی هەرێم.

ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە لەدەرەوەی سنوری قەزاکە و لە سنوری پارێزگای سلێمانیدان بۆ کارکردن لە پیشەسازیەکانی قەزاکەدا کاردەکەن ژمارەیان (٢٦٢٧) کەسە، کە ڕێژەی (٣٨,٠٣٪) دەستی کاری هەموو پیشەسازیەکان دەکات، کەواتە دەتوانین بڵێین پیشەسازیەکانی ناوچەکە کاریگەری هەرێمی هەیە و

بووەتە هۆی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی.

کاریگەریەکانی پیشەسازیەکانی ناوچەکە تەنها لە چوارچێوەی ناوچەیی و هەرێمیدا نەماوەتەوە و کاریگەریەکەی تا کوو سنورەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ڕۆیشتووە بەشێوازێک بووە بە هۆی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ (٢٣٩٦)کارکەری دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە دەکاتە ڕێژەی (٣٤,٦٩٪)کۆی کرێکارانی کەرتی پیشەسازی لە ناوچەکە.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت سەرەڕای ئەوەی پیشەسازی ناوچەکە (٦٩٠٧) هەلی کاری ڕەخساندوە، بەڵام نەبووەتە بەهۆی ڕەخساندنی ژمارەیەکی زۆر لە هەلی کار بۆ گرووپی تەمەنی کاری دانیشتووی قەزاکە (١٥ساڵ- ٦٤ساڵ)، پیشەسازی ناوچەکە دەرفەتی کاری بۆ تەنها (١٨٨٤)کەس ڕەخساندووە کە دەکاتە ڕێژەی (٤,٢٪) کۆی گرووپی تەمەنی کارکردنی قەزاکە. کەواتە تەنها ڕێژەی (٢,٧٨٪)ی دانیشتوانی قەزاکە لە پیشەسازیەکانی ناوچەکەدا کاردەکەن.




شێوەی (٢) دابەشکاری ڕێژەی کرێکارانی کارگە پیشەسازییەکانی قەزای بازیان

سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بەست بە کاری مەیدانی و چاوپێکەوتن.

دەرئەنجام :

١- پەیکەربەندی کەرتی پیشەسازی و دیاریکردنی قەبارەی پیشەسازی ناوچەی لێکۆڵینەوە پشت بەست بە پێوەری دەستی کار و بە پێی بەپێی ستانداردی عێراقی، بەجۆرێک ئەگەر ژمارەی دەستی کار لە نێوان (١-٩) کەس بێت بە کارگەی قەبارە بچوک دادەنرێت و بەم پێیە نزیکە ( ٣٧) کارگەی بچوک لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا دەبینرێت، بەلام کارگەی قەبارە مام ناوەند ئەو کارگانە دەگرێتەوە کە ژمارەی دەستی کار لە نێوان (١٠-٢٩)کەسە، ژمارەی کارگە مامناوەندەکان بەم پێیە لە قەزای بازیاندا ( ١٨)کارگەیە، کارگەی قەبارە گەورە ئەو کارگانە دەگرێتەوە و ژمارەی دەستی کاری زیاترە لە (٣٠) کەس ژمارەی ئەم کارگانەش لەناوچەی لێکۆڵینەوە ( ٢٠) کارگەیە .

٢- ژمارەی کرێکاران لەسەرجەم پیشەسازیەکانی ناوچەکە (٦٩٠٩) کەسە کە ریژەی ( ١,٧٥٪ ) لە پیشەسازیە بچووکەکانە ، و ریژەی ( ٣,٩٦٪ ) پیشەسازی مام ناوەند و ریژەی ( ٩٤,٢٪ ) پیشەسازی گەورەیە، واتە بە پێی ژمارە زۆرترین دەستی کار لە پیشەسازیە گەورەکاندایە.

٣- (١٨٨٢) کەس لە دانیشتووانی قەزاکە لە کارگە پیشەسازیەکانی ناوچەکەدا کاردەکەن کە دەکاتە ڕێژەی (٢٧,٢٣٪) ی کۆی گشتی ئەو کەسانەی لە کارگەکاندا ئیش دەکەن، (٢٦٢٧) کەس لە دەرەوەی قەزاکە و لە سنوری پارێزگای سلێمانی لە کارگە پیشەسازیەکانی ناوچەکەدا کاردەکەن کە دەکاتە ڕێژەی(٣٨٪) کۆی گشتی ئەو کەسانەی لە کارگەکاندا ئیش دەکەن، (٢٣٩٦) کەس لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان لە کارگە پیشەسازیەکانی ناوچەکەدا کاردەکەن کە دەکاتە ڕێژەی (٣٤,٦٧) کۆی گشتی ئەو کەسانەی کە لە کارگە پیشەسازیەکانی ناوچەکەدا کاردەکەن.

ڕاسپاردەکان:-

١- گرنگی دان بە بەکارخستنی ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵکی ناوچەکە لە کارگە پیشەسازیەکاندا لە ڕێگەی دامودەزگا پەیوەندی دارەکان و دەسەڵاتی خۆجێی ناوچەکە لە ئیدارەی قەزا و یەکە ئیداریەکانی ناوچەکە.

٢- دیاریکردنی ڕێژەیەک بە یاسا کە ژمارەی کرێکاران دانیشتووی بازیان لە پیشەسازیەکانی ناوچەکە بەرزبکاتەوە بۆ سەرو ڕێژەی (٥٠٪) کە ئێستا تەنها (٢٧,٢٣٪)ە، بەشێوەیەک ئەو هەلی کارانەی کە

کارگە پیشەسازیەکان دەیرەخسێنن ئەولەویەت بدرێت بە دانیشتوانی ناوچەکە.

٣- کردنەوەی پەیمانگای پیشەیی و هونەری بەتایبەتی (میکانیک و کارەبا) بۆ دانیشتوانی سنورەکە تا بتوانن سود لەو هەلی کارانە ببینن کە کارگەکان دەیرەخسێنن.

٤- گرنگی دانی زیاتر بە دابینکردنی مافەکانی کرێکارانی کارگە پیشەسازیەکان لە رووی کاتژمێرەکانی کارکردن و بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و سەلامەتی و فەراهەم کردنی ئازادی بۆ کرێکاران بۆ خۆرێکخستنیان لە یەکێتیە کرێکاریەکان بەمەبەستی بەدەستهێنانی مافەکانیان تا خەڵکێکی زیاتر رووبکەنە کەرتی پیشەسازی بۆ کارکردن و کەمکردنەوەی بێکاری لە ناوچەکە.

فۆرمی راپرسیی و زانیای وەرگرتن لە پیشەسازیەکان قەزای بازیان

حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان
بەشی جوگرافیا

ئەم راپرسیە ئامانجی رونکردنەوەو شیکردنەوەی جوگرافیە بۆ نوسینی ماستەر نامەیەك بەناونیشانی:
(کاریگەري چالاکی پیشەسازي لەسەر دابینکردني هەلی کار لەناحیەی بازیان)
خوێندکار(گەرمیان حسین علي) لە زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، داواکارین لە بەرێزتان هاوکارمان بن لە بەراست گەیاندنی زانستی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان کە ئامانجمان شیکارکردنێکی جوگرافیە بۆ چەندیەتی بەشداری چالاکی پیشەسازي لە خستنەسەرکاری تەمەنی کار لە قەزای بازیان و ئەو گیروگرفتانەی کەهەیانەو هۆکاری دروست بوونی ئەوگیروگرفتانەو هەوڵدان بۆچارەسەرو خستنەرووی چارەسەری جێگرەوە (بدیل)، بۆیە داواکارین یارمەتیمان بدەن لە پێدانی زانیاری تەواو لە بارەی ئەو پرسیارانەی رووبەرووی بەرێزتان وەك خاوەن کارگە یاخود بەرێوەبەرانی کارگێری کارگە دەکرێت، لەگەڵ رێزدا.
توێژەر
سەرپەرشتیار

گەرمیان حسین علی
پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر: فوئاد خالد سعید

**یەکەم:زانیاری گشتی لەسەر کارگە پیشەسازیەکان:**

١. ناوی کارگە: ..........................................................................
٢. ناونیشانی. ..................................
٣. خاوەنداریەتی ئەم کارگەیە کارگەی (کەرت):
٤. حکومیە ..............ئەهلیە ......... هاوبەشە............
٥. لقی پیشەسازی: ..........................................................................
٦. مێژوی دروستکردن.........................مێژووی دەستکردن بەبەرهەم هێنان: .............................................
٧.

**١. دووەم: شوێن و رووبەر:**
٢. شوێنی کارگەکە: ................................................
٣. ئایا کارگەکە لەسەر شوێنێکی گشتیە؟.............لەناوشارە؟..............................
لەچواردەوری شارە؟..............................

٤. دوری کارگە لەنزیك ترین شوێن ...................کم
٥. ئایا ڕووبەری گشتی کارگەکە چەندە:..................م٢.
٦. زەویەکە ئەهلیە یان حوکمیە..................................
٧. کرێی زەوی: لە حکومەت بەکرێ گیراوە یان لە خەڵکی ئاسایی؟..........................بڕی کرێکەی چەندە؟..................
٨. ئایا لەتوانادا هەیە کارگەکە فراوان بکرێت ١- بەڵێ٢ – نەخێر
٩. ئەگەر لەتوانادا هەیە چەند دەتوانرێت فراوان بکرێت؟.........
ئایا کارگەکە پێویستی بەوەیە ڕووبەرەکەی فراوان بکرێت ؟................. یان پێشتر فراوان کراوە؟ بۆچی؟...........................................................
١٠. ئایا کارگەی تر (هەمان بەرهەم) لە نزیك ئەم کارگەیە هەیە؟ بەڵێ ......            نەخێر .......
a. ئەگەر بە بەڵێ ناویان چیەو بەرهەمیان چیە ؟.......
١١. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم شوێنە؟
..............................................................................
..........................
..............................................................................
..............................................................................
....

**سێیەم: دەستی کار و کرێی کرێکار:**

ژمارەی کرێکاری کارگەکە چەندە؟.................کرێکار، چەند کوڕ..................، چەند کچ..............، چەندیان هونەرین؟..........ڕانەهێنراوەکان.......................... کارگێڕیەکان.................خزمەتگوزاری........................
ڕۆژانە چەند وەجبە (شەفت) کرێکار کاردەکات ؟
یەک وەجبە ........... دوو وەجبە .......... سێ وەجبە .......... چوار وەجبە............ یان زیاتر.........

١. ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە بەردەوام کاردەکەن لە کارگەکەدا چەندە؟................، کوڕ............، کچ.........
٢. ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە وەرزانە کاردەکەن لە کارگەکەدا چەندە؟..................، کوڕ............، کچ............
٣. ژمارەی کرێکاری دانیشتوی ناحیەکە؟................. لە دەرەوەی ناحیەکە؟...........، ژمارەی کرێکاری دەرەوەی پارێزگای سلێمانی ............ ژمارەی کرێکاری دەرەوەی وڵات...............
٤. ژمارەی کرێکاری سوودمەند (کرێکاری بارکردن و داگرتن، یاخود شۆفێرەکان)................................
٥. ژمارەی کرێکاری کورد؟...............
ژمارەی کرێکاری بیانی (عەرەب و تورک و ئێرانی و....)............
٦. کرێی ڕۆژانەی کرێکارەکان ........................، ناوەندی داهاتی مانگانەیان................................
٧. ئایا خەرجی کرێکارەکان چەندە لە بڕی تێچوونی بەرهەم بەڕێژەی سەدی............%.
٨. گرفتەکانی کرێکاران.................

٩. ئەگەر کارگەکە ژمارەی کرێکاری دانیشتووی ناوچەکە(ناحیەی بازیان)ی زۆرە هۆکار چیە؟ ئەگەر کەمە هۆکار چیە؟
١٠. کارگەکە لە پلانیدا هەیە بۆ داهاتوو سود لە دەستی کاری سنورەکە وەربگرێت؟

**چوارەم: سەرچاوەی سەرمایەی کارگەکە:**

١. بڕی ئەو سەرمایە (نەختینە)چەندە کە لە سەرەتای دامەزراندنی کارگەکە خەرج کراوە تاکو دەستکردن بەکار واتە (چەندی تێچووە تا کەوتۆتە کار)؟.......................... دینار/دۆلار.
٢. بڕی ئەوپارەیە چەندە ئێستا لە کارگەکەدا خراوەتەکارەوە (سەمایەوەبەرهێن)؟ .......................................... دینار/دۆلار.
٣. گرفتی سەرمایە هەیە؟ بەڵێ .... نەخێر
٤. ئەگەر بەڵێیە گرفتەکان چین؟...............

**پێنجەم: ئاوی بەکارهاتوو:**

١. جۆری ئاوی بەکارهاتوو ١- ئاوی بیر
٢. ٢- ئاوی رووبار ٣- ئاوی میری
٤- ئاوی تەنکەر (چەند تەنکەر /ڕۆژانە مانگانە / ساڵانە)
٣. چەند ت ئاو پێویستە ڕۆژانە .........
٤. گرفتی ئاوی هەیە کارگەکە؟ .......... چۆنە گرفتەکە
٥. ئایا کارگەکە نزیکە لەسەرچاوەی ئاوی؟...........................دوریەکەی چەندە................کم.
٦. بڕی ئاوی بەکارهاتوو لە ڕۆژێکدا یان مانگ چەندە؟..................................................لیتر، نرخەکەی.......................... دینار.
٧. بڕی ئاوی بەکارهاتوو لە کرداری پیشەسازی؟..............................
٨. بڕی ئاوی بەکارهاتوو لە کرداری ساردکردنەوە......................................
٩. بڕی ئاوی بەکارهاتوو لە کردارەکانی تر(شوشتن).............................................
١٠. ئایا بڕی تێچوونی بەکارهێنانی ئاو چەندە لەبڕی تێچوونی بەرهەم بەڕێژەی سەدی............%.

**شەشەم: سوتەمەنی و وزە:**

١. ئایا ئەم کارگە پیشەسازیە نزیکە لە سەرچاوەی وزە؟.............................. جۆری وزەکەی چیە؟ بەرهەمی نەوتیە یاخود کارەبایی؟ .................................یان تێکەڵاوە................. لە ڕۆژێکدا چەند وزەی پێویستە؟........................ تێکڕای مانگ یاخود ساڵ.....................................یان بەگوێرەی کارەکان......................................
٢. ئایا حکومەت بۆتان دابین دەکات؟................ بەبڕی چەند؟............. یاخود خۆتان دابینی دەکەن؟.................... بڕی تێچوونی چەندە؟....................................

٣. سەرچاوەی وزەکە بە چ هۆکارێکی گواستنەوە دەگوازنەوە؟..........................................

٤. بڕی ئەو کارەبایە چەندە کە کارگەکە پێویستیەتی بۆئەوەی بەهەموو توانایەوە کاربکات؟.....................، وە ئێستا چەند کارەبا بەردەستە؟.................................... تێچوونی چەندە؟...................................

٥. ئایا کارگەکە بەشداری هەیە لەگەڵ مۆلیدەی ئەهلیدا..................... بڕەکەی؟................................ تێچونی؟.............

٦. ئایا کارگەکە مۆلیدەی تایبەت بەخۆی هەیە؟...................... تێچوونی چەندە؟.......................................

٧. ئایا بڕی تێچوونی وزە و سوتەمەنی چەندە لەبڕی تێچوونی بەرهەم بەڕێژەی سەدی............%.

**حەوتەم: کەرەستەی خاو:**

١. ئایا کەرەستە خاوەکان کەلە کارگەکەدا بەکاردەهێنرێت چین؟

| ژمارە | جۆری کەرەستەی خاو | بڕی بەکاهێنانی ڕۆژانە | شوێنی هاوردەکردنی | بەچی هۆکارێکی گواستنەوە دێت |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |

١. ئایا ئەو دوریە چەندە کەلەنێوان کارگەکە و کەرەستەخاوەکەیە؟...................................................... ...کم.

٢. سەرچاوەی کەرەستەی خاوەکە ناوخۆییە لەناو ناحیەکە؟.................................. ڕێژەکەی بەڕێژەی سەدی...................................%، لە دەرەوەی ناحیەکەیە؟...................... ڕێژەکەی بەڕێژەی سەدی...........%، یاخود لە دەرەوەی وڵاتە؟................ ڕێژەکەی بەڕێژەی سەدی...........%.

٣. ئایا بڕی تێچوونی کەرەستەی خاو چەندە لەبڕی تێچوونی بەرهەم بەڕێژەی سەدی...........%.

**هەشتەم: بەرهەم:**

١. جۆری بەرهەم:.......................... بەرهەمی سەرەکی............................. بڕەکەی ڕۆژانە.............. نرخەکەی......................، بڕەکەی مانگانە..........................بەرهەمی تری هەیە؟............................ ئەگەر هەیەتی چیە؟.................. بڕەکەی چەندە؟.................

٢. ئایا توانای بەرهەم هێنانی ڕۆژانەی کارگەکە چەندە؟........................ بەرهەمی ئێستای چەندە؟.................................. ئەگەر بەهەموو توانایەوە بەرهەم بهێنێت ڕۆژانە بڕی بەرهەمی دەگاتە چەند..................،

٣. ئەگەر کارگە ناتوانێت بەتەواوی توانای خۆی کاربکات گرفتەکانی چین ؟

١-دابەزینی توانای کارگە لەرووی ئامێرەوە

٢-کەمی کەرەستەی خاو ٣-کەمی وزەو ئاو

٤- کەمی رووبەری کارگە ٥- شوێنی جوگرافی کارگە ٦- نەبوونی گەنجینەی تەواو

٧- کەمی دەستی کارکەر ٨- کەمی کەرەستەو ئامێرو کول و پەلی کارگە

هۆکارو گرفتێکی تر ئەگەر هەبێت

٤- ئایا ئاراستەی بەرهەمی کارگەکە بەرەو زیاد بوونە یاخود کەم بوون................................ بۆچی؟............................................................

**نۆیەم: شوێنی فرۆشتنی بەرهەم(بازاڕ):**

١. لە ناوخۆی ناحیەکەدا................ بڕی فرۆشتنی.......................... ڕێژەی سەدی............%لەبڕی بەرهەم، لە پارێزگای سلێمانی........................ بڕی فرۆشتن.................... ڕێژەی سەدی..............% لەبڕی بەرهەم هێنان، لەهەرێمی کوردستان................. بڕی فرۆشتن..........ڕێژەی سەدی..........% لەبڕی بەرهەم هێنان، لە دەرەوەی هەرێم.................. بڕی فرۆشتن.................. ڕێژەی سەدی.........% لەبڕی بەرهەم هێنان.

a. وڵاتانی تر............. بڕی فرۆشتن.............ڕێژەی سەدی ............ ٪ لە بڕی بەرهەم هێنان.

٢. جۆری فرۆشتن :- بە حکومەت ............ بەبازاڕ............ بە وەکیل .........

٣. ئایا بەرهەمەکە ڕووبەڕووی کێبڕکێ دەبێتەوە لەگەڵ بەرهەمی دەرەکیدا؟...............................

٤. ئایا بەرهەمەکە توانای کێبڕکێی بەرهەمی دەرەکی هەیە؟ بەڵێ .........نەخێر....... ئەگەر نەخێرە بۆ؟..............

٥. ئایا داهاتی مانگانەی کارگەکە چەندە؟.........................

٦. **دەیەم: گواستنەوە:**

١. ئایا جۆری ئەو هۆکارانە چین کە بۆ گواستنەوە بەکاردەهێنرێت...............................ئەگەر ئوتومبێلە تێچونی گواستنەوەی چەندە؟.................... ئەگەر سەرچاوەی ترە چیە......................... تێچونی چەندە؟......................

٢. ئایا بۆ گواستنەوەی کەرەستەی خاو هۆکاری گواستنەوە بەکاردەهێنرێت؟..............، هەروەها بۆ گواستنەوەی بەرهەم بۆ بازاڕ هۆکاری گواستنەوە بەکاردەهێنرێت؟..............، کۆی تێچوونی چەندە لە بڕی تێچوونی بەرهەم بەڕێژەی سەدی...........%.

٣. ئایا هۆکارەکانی گواستنەوە هی کارگەکەیە یاخود هی خەڵکانیترە.....................

**یانزەهەم: باج و گومرک و هاوکاری حکومەت:**

١. ئایا کارگەکەتان باج دەداتە حکومەت؟...............بەبڕی............................دینار، مانگانە................ ساڵانە.....................

٢. ئایا لە هیچ قۆناغێکی بەرهەم هێنان گومرک دەدەنە حکومەت؟..................... لە چ قۆناغێدا لە کاتی هێنانی کەرەستەی خاو بۆ کارگەکە................ یاخود لەکاتی ناردنە بازاڕی بەرهەمەکە........................ یان لەکاتی هێنانی ئامێرەکانی بەرهەم هێناندا........................ بڕەکەی چەندە.................................دینار.

٣. ئایا ئەوباج و گومرکەی دەیدەنە حکومەت بەڕێژەی چەند بەشداری دەکات لە تێچونی بەرهەم هێنان.........................%؟

٤. ئایا حکومەت هیچ هاوکاریەک پێشکەشی کارگەکەتان دەکات؟...........چۆن؟..............................، ئایا مانگانە وزە و سوتەمەنیتان بۆدابیندەکات؟........................ یاخود سنورەکانی داخستوە لە بەڕوی بەرهەمی دەرەکیدا؟......................... یاخود لە باج و گومرک خوشبووە؟.........................

٥. ئایا حکومەت هەوڵیداوە چارەسەری ئەو کێشانەتان بکات کە تایبەتە بەئەوەوە؟......................... چۆن؟.....................................................................................

٦. ئایا حکومەت ڕێگری دروستکردووە لەبەردەم بەرهەمی کارگەکەتاندا؟......................... چۆن؟...................................................................

٧. ئایا پارەی خزمەتگوزاری خاوێنکردنەوە و پاسەوان دەدەنە حکومەت............ یاخود کەرتی تایبەت؟................. بڕەکەی چەندە مانگانە؟..........................دینار.

**دوانزەهەم:گرنگترین ئەو کێشانە چین کە ڕووبەڕوی کارگەکان دەبنەوە؟(ژمارەیان بۆ دابنێ(١٠-١)**

١. کێشەکان بەهۆی شوێنی جوگرافیەوە؟
٢. کێشەکان بەهۆی ڕووبەرەوە؟
٣. کێشەکان بەهۆی کەرەستەی خاوەوە؟
٤. کێشەکان بەهۆی سەرمایەوە؟
٥. کێشەکان بەهۆی دەستی کارەوە؟
٦. کێشەکان بەهۆی بازاڕەوە؟
٧. کێشەکان بەهۆی جۆری بەرهەمەوە؟
٨. کێشەکان بەهۆی سوتەمەنی و وزەوە؟
٩. کێشەکان بەهۆی باجەوە؟
١٠. ئایا کێشەی تر هەیە؟................... چین؟...........................................................

**سیانزەهەم: پیس بوون:**

١. ئایا کارگەکە پاشماوەی ڕەقی هەیە؟.................. بۆچی.........................................
٢. ئایا کارگەکە پاشماوەی ئاوی پیسبووی هەیە؟............. ئایا چارەسەر دەکرێت؟............................
٣. ئایا کارگەکە غازی بۆن ناخۆشی هەیە؟............ ئایا کارگەکە دوکەڵ هەڵکێشی هەیە؟............................
٤. ئایا کارگەکە ژاوەژاوی زۆر دروست دەکات؟...................
٥. بڕی ئەو پاشماوانە چەندە کە ڕۆژانە لە کارگەکە بەجی دەمێنێ؟ کەرەستەی ڕەق................ کەرەستەی شل...............................
٦. ئایا کارگەکە سود لە پاشماوە ڕەق و شل و گازیەکان دەبینێت؟............ بۆچی........................
٧. ئایا کارگەکە زیانی پێدەگات لە کارگەکانی چواردەوریەوە؟................. هۆیەکەی .......................................................
٨. بۆنی ناخۆش................ گاز.................. دوکەڵ..............................
٩. هۆکاری تر...........................................................

**چواردەهەم: پێشنیارەکانتان چیە بۆ باشتر کردنی بڕی بەرهەم هێنان؟**

زۆر سوپاس بۆ هاوکاریتان.

## لیستی سەرچاوەکان


سەرچاوە کوردییەکان

**ا- کتێب**

حسن، کاروان محمد و یاسین احمد خدر، بازیان مێژوو و گەشەسەندنی، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٢٣.

زەند، کەریم ، جوگرافیای کوردستان ، چاپی دووەم، چاپجانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

سالنامەی سلێمانی، دانانی پارێزگای سلێمانی، ئۆفیسی دلێر، چاپی یەکەم، سلێمانی، ژمارە(٢)، ١٩٩٩.

علی ،جاسم محمد ، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لەدابەشبوونی دانیشتوان لەپارێزگای سلێمانیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

محمد، مراد حەکیم ، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لەسەردەمی بەعسدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کورستان، سلێمانی، ٢٠٠٤.

**ب-نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا.**

ڕشید، شیروان عمر ، پەرەپێدانی توانستەکانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی. کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ساڵی٢٠١١.

رشید، یادگار خدر ، شیکردنەوەی جوگرافی دابەشبوونی پیشەسازی لە پارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی صەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٤.

**ت- بڵاوکراوەی میری**

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆژیای زانیاری و بەشی ڕوپێوی و GIS، داتای بلاونەکراوە، ٢٠٢٣

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، قایمقامیەتی قەزای بازیان، ٢٠٢٣

ڕۆژنامە

ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە٢٨، ڕێکەوت ١٩٢٠/١١/٤

المصادر العربية (سەرچاوەی عەرەبی)

كتب

صقر، محمد فتحي ، مواقع المشروعات الصغيرة والمتوسطة و اهميتها الاقتصادية ، ندوة المشروعات الصغيرة المتوسطة في الوطن العربي، الاشكاليات و افاق التنمية، المنعقد في القاهرة يومي ١٨-٢٢يناير ٢٠٠٤.

معروف، ماهر حسن و ايهاب مقابله، مشروعات الصغيرة والمتوسطة و أهميتها و معوقاتها، مركز منشأت الصغيرة، الأردن، ٢٠٠٦.

الوتبان، حسدن بن عبدالله ، معجم مصطلحات الصناعة، طبعة الاول، مكتبة العبيكات للنشر، الرياض، ٢٠١٠.

ب-رسالة ماجستير

الألوسي، حنين اكرم ياسين ، التحليل الجغرافي الصناعهژ الصغيرة فى مدينة الرمادي، رسالة ماجستر، جامعه الانبار، كلية العلوم الانسانية، ٢٠٢٢.

الملخص :

يعتبر التركيب الصناعي من حيث الحجم مسؤولا عن حجم العمالة في القطاع الصناعي والذي يؤثر بدوره على اقتصادية منطقة او دولة ، ولكون قضاء بازيان تمتاز بكونها منطقة صناعية ، لذلك يجب أن يلعب هذا القطاع دورًا في توفير فرص العمل. وصنف التركيب الصناعي فيها الى صناعات(صغير ، متوسط ، كبير) وفق التصنيف الصناعي العراقي حسب العمالة.

لابد تحديد هذه القطاعات حتى يسهل على الباحث معالجة تأثيرها على توفير فرص العمل. مشكلة الدراسة أن الباحث كفرد في هذا المجال لاحظ وجود بطالة ملحوظة، الهدف من هذه تصنيف النشاط الصناعي وتوزعها فضلا عن دراسة التركيب الكمي والنوعي للعاملين في الوحدات الصناعية حسب الحجم ومقارنتها بعضها البعض ، تم استخدام منهج الاستقرائى و نوعين من طريقة (طريقة وصفية وطريقة تحليليه).في هذه الدراسة للوصول إلى نتيجة علمية ، بلغ عدد العاملين في جميع الصناعات بالمنطقة في اواخر٢٠٢٢ (٦٩٠٩) شخصاً ، نسبة(١,٧٥٪) من العمالة داخل صناعات صغيرة و (٣,٩٦٪) من العمال في صناعات متوسطة و (٩٤,٢٪) من العمال في صناعات كبيرة.

(١٨٨٣) من سكان المنطقة يعملون في المصانع الصناعية بالمنطقة وهي (٢٧,٢٣٪) من إجمالي عدد العاملين في المصانع ، و (٢٦٣٠) شخصاً خارج القضاء من سكان المحافظة السليمانية يعملون في مصانع صناعية تمثل 38٪ من إجمالي عدد العاملين في المصانع الصناعية بالمنطقة، و (٢٣٩٦) شخصاً من خارج الاقليم كردستان العراق يعملون في مصانع الصناعية و تمثل نسبة (٣٤,٦٧٪) من اجمالي عدد العاملين في المصانع الصناعية بالمنطقة.

summary :

The industrial composition in terms of size is responsible for the volume of employment in the industrial sector, which in turn affects the economy of a region or country, and because the Bazian district is characterized by being an industrial region, therefore this sector must play a role in providing job opportunities. Its industrial composition was classified into industries (small, medium, large) according to the Iraqi industrial classification according to employment،These sectors must be identified to make it easier for the researcher to address their impact on providing job opportunities. The problem of the study is that the researcher, as an individual in this field, noticed the presence of noticeable unemployment. This study aims to classify industrial activity and its distribution, as well as to study the quantitative and qualitative composition of workers in industrial units according to size and compare them to each other. An inductive approach and two types of methods were used (a descriptive method and an analytical method). In this study to reach a scientific conclusion, the number of workers in all industries in the region in late 2022 reached (6909) people, a percentage of (1.75%) of workers in small industries, (3.96%) of workers in medium industries, and (94.2%) of workers. In large industries.

(1883) residents of the region work in industrial factories in the region, which is (27.23%) of the total number of workers in factories, and (2630) people outside the district from the population of Sulaymaniyah Governorate work in industrial factories, representing 38% of the total number of workers in industrial factories in the region. (2396) people from outside the Iraqi Kurdistan region work in industrial factories, representing (34.67%) of the total number of workers in industrial factories in the region.